فەرما وە حەیدەر ڕەسووڵ خاتەم
بەوسە ئەمرش کەرد پادشای جەبار
تۆ جە تۆی قەڵماس بگێری قەرار
هەوات بدەران وە دلێی حەسار
تاکە فرزەندان ئازاد کەی جە نار
عەلی چون شنەفت گوشاد کەرد جەمین
وانا شوکر زات (رَّب العالمین)
گێلان جە لەشکر شێران شەیدا
یەک مەنجەلەقێ[٥٩] کەردشان پەیدا
ئاوردن پەرێ عەلی مورتەزا
شی وە تۆی قەڵماس شێر ڕووی غەزا



زولفەقار تیز بەست وە ڕووی کەمەر
پەناه بەرد وە زات ئەڵڵاه و ئەکبەر
وەختێ هەواشدان پەی بورج حەسار
فڕان بەست حەیدەر چون مورغ باڵدار
وەیەرد جە قەلعە کەفت وە تۆی زیندان
دیش وە چەم جەماڵ هەردۆ فرزەندان
گرت وە ڕووی ئاغۆش نەودەم هەردۆشان
وێنەی دەستەگوڵ بۆ کەرد وە بۆشان
ئەو دوود و دوخان ئەو شەرارەی نار
ئەسڵا وە حەیدەر زەڕەی نەکەرد کار
بە ئەمر و فەرمان دەهندەی داوەر
هەم وە فرزەندان نە یاونا زەرەر
بە فەزڵ فەرمان پادشای جەلیل
بی وە گوڵستان ئیبراهیم خەلیل
حەیدەر فرزەندان برئاورد جە نار
جەو دوود دوخان جەو زوڵمات تار
داخل بی وە تۆی قەلعەی سەلاسیل
نەعرەدا چون نەفخ سوور ئیسرافیل
یاوا وە قاپی حەسار کوفار
زۆردا وە بازووش شای دوڵدوڵ سوار
هورکەندش جە بێخ قاپی قەڵای[٦٠] شەهر
هەواشدا وە دوور جە خەیبەر بەتەر
ئەو بورج و بار و ئەو قەلعەی حەسار
وە مشت و لەکەد کەردش یەختەسار
سوپای موسڵمان داخل بین وە شار
هورکێشان شمشێر پەی قەتل کوفار
هجوومدان وە یەک ئیسلام و کوفار
بی بە واوەیلا نە تۆی ئەو حەسار

عەلی زولفەقار مەشانا وە قین
زەربێ هەفتاد کەس مەوەست وە زەمین
وە چەپ و وە ڕاست مەشانا حەیدەر
مەیدان وە کوفار کەرد وە ڕووی مەحشەر
چرپ و چاپ تیغ فڕەی فەرق سەر
شەقەی شمشێران شەرارەی تەبەر
وە سکەی گورزان تەڕاقەی سوپەر
سەدای ئەلئامان جیهان مەکەرد کەڕ
چون ڕۆز مەحشەر نەبی ئیمداد ڕەس
کەردن قەتل و عام کوفار ناکەس
ئەوەند کەردن قەتل جە شار کوفار
خێزا مەوج خوون چون سەیل بەهار
چاچی کەمانان ئاما وە ڕووی کار[61]
خەدەنگ چون باران مەڕێزا بە وار
تەراقەی توراق عەموود و خەنجەر
مەیاوا بە گۆش کەیوان ئەخزەر
شەهزادە ئوشتەر یاوا وە بابۆش
پەرێ قەست قەتل ئەو بی ئارەزووش
هجووم بەرد پەرێش شێر سەرفراز
بە وێنەی کنجشک نە چنگاڵ باز
وەزەرب شمشێر ئەڵماس دوو دەم
ئەرواحش کیاست وە ڕووی جەهەننەم
لاشەی مردارش بی وە دوو نیمە
گۆشتش چون قەساب کەرد قیمە قیمە
پەیابی چە ئەسپ مەرد پڕ هونەر
سەرش جودا کەرد وە نێش خەنجەر
سوپای کافران ئێد کە دین وە چەم
کەردن ئەلئامان تەمام کوللی جەم



سەغیر و کەبیر جەمع هەژاران
کفن نە گەردن چون گوناهکاران
یەکسەر واتشان ئامان ئەلئامان
بەندە فەرمانیم یا شاه مەردان
هەر چە مەواچی بەو تەور مەکەرۆن
ئەمر و فەرمانت بە جا ماوەرۆن
ڕای دین ئیسلام مەکەرین قەبوول
ئیمان ماوەرین بە خودا و ڕەسووڵ
ئێد واتن یاران بە خاتر مەلوول
ئامان بەخزمەت حەزرەت ڕەسووڵ
تەمامی یەکسەر ئامان وە ئیمان
جە بوت پەرستی گشت بین پەشیمان
شکەستن بوتان کلیسای کوفار
قەبووڵ کەردن دین ئەحمەد موختار
کلیساخانە وە مەسجید کەردن
بوتان شکەستن ئیمان ئاوردن
(آمَنْتُ بالله واحِدُ الأحَدْ)
بەمەلایکان و هەم بەموحەممەد
هەم بەکتوبات هەر چەهار یاران
(تەورات)و(ئینجیل)،(زەبوور) و(فورقان)
ئەو شار سابت نەجەنگ بین ڕاحەت
مەشغووڵ وە نماز جمعەی جەماعەت
سەغیر و کەبیر ئەهل شار تەمام
ئامان وە ڕای حەق وە دین ئیسلام
بەیعەت کەردشان بە سیدق و سەفا
پڕ بی سەلاسیل جە[62] نوور موستەفا
تەعلیم کەردشان ئەرکان ئیسلام
بەر موحەممەد بۆ سەڵەوات و سەلام

شاد و خەندان بین جەمع موئمنین
کەردن شوکرانەی (رَّب العالمین)
ڕەسووڵ وات: یاران بزانن خەبەر
سەردارتان بۆ شەهزادە ئوشتەر
خەلعەت شاهی بکەردێش نەوەر
کەس جە فەرمانش بەرنەشۆ وە بەر
قەلعەی سەلاسیل فەتح بی تەمام
بە فەیز و فرسەت حەیی لایەنام
وە ئەمر ڕەسووڵ سەیید نازدار
ئوشتەر نەو شارە کەردن وە سەردار
موطیع بین وە ئەمر تەمام ئەهل شار[٦٣]
بی وە پادشاه نە جاگەی پدەر
پەوسە فەرماندا سەیید کەونەین
ئاوردن وە لاش حەسەن و حوسەین
موحەممەد بۆسا دیدەشان وە شاد
جە غوسەی غەمان تەمام بی ئازاد
چون ئاوات وازان ئاغۆش بکەرد واز
بۆسا هەردۆشان وە سەد عیزز و ناز
دوو گۆشوارەی عەرش دوو نوور ئەبرار
شاد بین بە دیدار جەد سایەدار
ئاما بە گوفتار سەیید سەروەر
جە دورج دەهەن ڕێزنا گەوهەر
حاڵتان چونەن (قُرَّة العَیْنم)؟
فرزەندان خاس زیادی زەینم
عەزیزان دڵ ئارام جانم
نووری دوو دیدەم ڕۆحی ڕەوانم
ئەسحابان یەک یەک شاد و بەشارەت
حەسەن و حوسەین کەردن زیارەت



هەفت شەوو هەفت ڕۆژ نیشتن نەو حەسار
جە شادی فرزەند شای دوڵدوڵ سوار
نە ڕۆژ هەشتەم سەیید سەروەر
پەرێ مەککە شار ئەو کەردش سەفەر
ڕەسووڵ فەرماندا ماڵ غەنیمەت
یەکسەر وە ئەسحاب بکەران قیسمەت
ئەو گەنج و ئەسپاب ئەو ئەسلیحەی ماڵ
وێش تەقسیمش کەرد ئەو ساحێب کەماڵ
تەمامی یەکسەر بەخشا وە لەشکەر
خەلعەت سەنگین هەم زەڕ و زیوەر
غەنی بی فەقیر سوپای موسلمین
کەردن شوکرانەی (رَّب العالمین)
ئەوسا ڕەوان بین لەشکر ئیسلام
پەی شار مەککە کۆچ کەردن تەمام
دان نە تەپڵ و کووس هورگرتن عەلەم
وەسەدای تەگبیر دەف و زیل و بەم
وەزیکر پڕ شەوق سوپای حەق پەناه
تاکە نزدیک بین بە مەککە مەئواه
خەبەر شی پەرێ فاتیمەی پەری
ئاما وە پێشواز زوهرە و موشتەری
کێشا بانگ بەرز هەڵهەڵەی خرۆش
حەسەن و حوسەین گرت وە ڕووی ئاغۆش
یەکێش وە یەمین یەکێش وە یەسار
مەبۆسا پەی پەی مەگرەوا وە زار
ڕوخسارشان ماڵا وە جەماڵشان
پەرسا ماجەرای گشت ئەحواڵشان
وە ئاه و حەسرەت وە ئەشک دیدە
شاد بی وە دیدار هەردۆ گوزیدە

ئەوسا جەو دما داخل بین وە شار
بزانە چێش کەرد ڕەسووڵ نازدار
خومس ئەو ماڵە سەیید سەروەر
پەرێ حیسەی وێش قەراردا یەکسەر
هیچ طەمع نە کەرد ڕەسووڵ موختار
یەکسەر تەقسیمش کەرد وە ئەهل شار
یەک درهەم جەو ماڵ وێش نەکەرد قەبووڵ
بەخشاش نە ڕای حەق حەزرەت ڕەسووڵ
بەخشا وە مسکین گەدایان شار
دەروێش و فەقیر مسکین و هەژار
ئەهل مەککە شار تەمام بین خۆشحاڵ
جە شەوق شادی شانان پەڕ و باڵ
کەردن شوکرانەی دەهندەی داوەر
تابع بین وە ئەمر ڕەسووڵ سەروەر
عەلی مورتەزا و ڕەسووڵ سەروەر
فاتیمەی پەری و عایشەی ئەطهەر
شاد بین بە دیدار فرزەند حەیدەر
حەسەن و حوسەین دوو نوور بەسەر
هەر چوار وە دڵشاد گوشادە جەمین
کەردن شوکرانەی (رَّب العالمین)
بە تەوفیق حەق زات (ذوالمَنَن)
تەمام بی داستان حوسەین و حەسەن
بە تەوفیق حەق پادشای جەلیل
فەتح کەرد عەلی قەلعەی سەلاسیل
یاران یاوەران هامسەران یەکسەر
نەبۆن خەجاڵەت جە یەومەلمەحشەر
تا نەفەس داران جە حاڵ حەیات
بە ڕۆح ڕەسووڵ بدەران سەڵەوات[64]



ئیستیدعام ئێدەن پادشای جەبار
ببەخشە گونای جەمع گوناهکار
خسووس ئی مەجلیس جە پا تا وەسەر
سەغیر و کەبیر ئونثا و موذەککەر
سەعید و شەقی ئەر خێر و ئەر شەڕ
ببەخشە بە نوور پاک پێغەمبەر
عەفو کەر گونای مەجلیس ئەحباب
(کاتبُ سامع قارئ الکتاب)[65]
سەیید سادات نووری[66] کائینات
بەر موحەممەد بۆ سەلام و سەڵەوات.[67]

**تەواو**

## پەراوێزەکان

**داستانی حەسەن و حوسەین**

* واتە: چیرۆکی حەسەن و حوسەین.

١- عەلی: کوڕی ئەبی تاڵیب کوڕی عەبدولموتتەلیبە، لە ساڵی (٦٠٠ی ز) لە مەککە لە دایک بووە، ئامۆزا و زاوای محەممەد پێغەمبەرە (د. خ) لەپاش کوشتنی (عوسمان) لە ساڵی (٦٥٥ ی ز) بووە بەدوا خەلیفەی ڕاشدین، لە ساڵی (٦٦١ی ز) بەدەستی عەبدولڕەحمان کوڕی مولجەم کوژرا.

٢- فوزوول: ئەو کەسەی بەکاری بێ کەڵک هەڵدەستێ.

٣- مەککە: شارێکی پیرۆزی موسڵمانانە، لە وڵاتی عەرەبی و سوعودیدایە، محەممەد پێغەمبەر (د. خ) لەوێ لە دایک بووە.

٤- وەلی: پیاوچاک، پیاوی خوا، دۆست، یاریدەدەر. = وەسی = (وَصی)، کەسێک کە وەسیەت بکات بۆ ڕاپەڕاندن، یان ئەنجامدانی کارێک. بەتوول: نازناوی فاتیمە زەهرای کچی محەممەد پێغەمبەرە کە ژنی ئیمامی عەلییە، واتە: من زاوا و دۆستی پێغەمبەرم، لەسەر وەسیەتی خۆی بووم بەخەلیفە و لە شوێنی دانیشتووم.

٥- داماد: زاوا.

٦- سەفدەر: ئازا و چاونەترس.

٧- قەڵای خەیبەر: جبەخانە و سەنگەرێکی زۆر سەختی سەربازانی یەهودییەکان بووە، لە جەنگێکدا لە نێوان موسڵمانەکان و یەهودییەکاندا ڕوویداوە، لەشکری یەهودییەکان شکاون و هەڵاتوون قەڵاکەش لە لایەن ئیسلامەوە داگیرکراوە، حەزرەتی عەلی لەو جەنگە و داگیرکردنی قەڵاکە دەورێکی جوامێرانە و پڕشنگداری بینیوە.

داستانە شیعرێکی فۆلکلۆری کوردی بەناوی فەتحی قەڵای خەیبەرەوە هەیە، بۆ چەندین جار لە لایەن (عەبدولخالق محەممەد ئەمین عەسری)یەوە لە چاپدراوە، دوا چاپیشی لە ساڵی (١٩٨٠ی ز)دا بووە

٨- سەڵسال: دێو، سەرۆکی ئەو دێو و درنجانە بووە کەوا حەزرەتی عەلی باڵبەستیانی کرد و کوشتیانی، لە ئەفسانەی ئایینیدا باسی کراوە.

٩- ئەم نیو باڵە دەسنیشانە بۆ ئەم سەرگوزشتەیە:

(دەگێڕنەوە گوایە لە ژوور شارۆچکەی (خانەقین) شێر و ئەژدیهایەک پەیدا بوون بەنیازی ئەوەی بچن بەگژ سوپای ئیمامی عەلیدا، حەزرەتیش دەیانگرێ و



ئەژدیهاکە لەپشت شێرەکە دەبەستێتەوە و بەیەخسیری دەیانهێنێتە ناو لەشکرەکە).

١٠- لە فۆلکلۆریدا سەرگوزشتەیەک هەیە گوایە لە سەردەمی پێغەمبەردا ئەژدیهایەک بۆ تاقیکردنەوە هەبووە، هەر منداڵێک لەدایک بووایە دایک و باوکی پێشکەشی ئەو ئەژدیها دڕندەیەیان دەکرد، جا ئەو منداڵە زۆڵ بووایە یەکسەر لووشی دەکرد و دەیخوارد، بەپێچەوانەی ئەوەوە نەیدەخوارد، کە حەزرەتی عەلی هاتە دنیاوە و لەپێشیدا دایاننا حەزرەت بەیەک ئیشارەتی ئەنگوشت مارەکەی شەق کرد و بێ گیان بوو، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو نەریتە پڕوپووچە نەما.

١١- قەمەر: غولام و جڵەوداری ئیمامی عەلی بووە، ئەمە دەسنیشانە بۆ ئەم سەرگوزشتەیە: (وا دەگێڕنەوە کابرایەک دێتە خزمەتی حەزرەتی عەلی و پێی دەڵێ: قوربان کەسوکار و منداڵەکانم هەر هەموویان لە لایەن بێ دینانەوە دیل کراون و بەرامبەر بەرزگار بوونیان داوای زێڕێ زۆر دەکەن، ئەویش پێی دەڵێ فەرموو ئەوە وشترێ بەبارێ زێڕەوە بۆیان بەرە، ئەویش دەڵێ گەورەم ئەمە کەمە و ئەوان پێی ڕازی نابن، حەزرەتی عەلی لە وەڵامدا دەفەرمێ: فەرموو غولامەکەیشم بۆ خۆت بەرە، خوا یار بێ لە ڕێگاوباندا چەند وشترێکی تریش بە بارە زێڕەوە دەکەونە دوات، بەڵام بەمەرجێ تا ئەوێ بەر بەدواوە نەکەی... کابرا (قەمەر) و وشتری بەبارە زێڕەوە برد و ڕۆیشت، لە نزیکی ماڵ بۆ تاقیکردنەوە ئاوڕێک بەدواوە دەدا دەبینێ یەک (قەتار) وشتر بەبارە زێڕەوە ها بەدواوە، لێرەدا گەلێ دڵخۆش دەبێ قەمەریش ئازاد دەکات و بۆ لای ئیمامی عەلی دەگەڕێتەوە، کابرا بەو وشتر و زێڕانە سەرجەم خزم و کەسوکارەکەی ئازاد دەکات، ئەم سەرگوزشتەیە لە کتێبەکانی بەکتاشییەکاندا بەشیعرەوە تۆمار کراوە.

١٢- ئەسەد: شێر، لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (عفریت).

١٣- ئەم نیو خشتە دەسنیشانە بۆ ئەم سەرگوزشتە فۆلکلۆرییە: (دەڵێن گوایە سەلمانی فارسی کە یەکێک بووە لە ئەسحابەکانی پێغەمبەر (د. خ) لە دەشتی (ئەرجنە) لە کانی ئاوێک خۆی دەشوات، لە پڕێکدا نێرە شێرێک دێ و لەسەر کەلوپەلەکەی قنج قنجێ دادەنیشێ و لێی مۆن دەبێتەوە بەنیازی ئەوەی هێرشی بۆ بەرێ و بیخوا، کاکە سەلمان ترسی لێ دەنیشێت و پەناو هاوار بۆ خوا دەبات تا فریارەسێکی بۆ بنێرێ و لە چنگ ئەم ئاژەڵە دڕندەیە ڕزگاری بکات، ڕوانی ئیمامی عەلی بەسواری دوڵدوڵ و بەزولفەقارەکەیەوە ئامادە بوو، شێرەکە کە چاوی بەعەلی دەکەوێ بەخێرایی دادەپەڕێ و دەڕوا، بەم جۆرە کاکە سەلمان لە شێرەکە ڕزگاری دەبێ.

ئەم سەرگوزشتەیە لە دەسنووسەکانی بەکتاشییەکان و ئەهلی هەقەکاندا هاتووە و

بەدرێژی باسی دەکات. شاعیر فەقێ قادری هەمەوەندی لەم بارەیەوە وتویەتی:

هەم ڕوح بی نە چنگ دوڕندەی غـوڕان
ڕەها کـەرد سـەلمان چە ئاب عـوریان

بڕوانە ل ١٩١ دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند، مەلا عەبدولکەریم مودەریس و فاتیح مەلا عەبدولکەریم - بەغدا ١٩٨٠ی ز.

١٤- توتیا: جۆرە دەرمانێکی جارانە بۆ چاوئێشە بەکاریان دەهێنا، وا دەگێڕنەوە کابرایەکی کوێر داوای چاک بوونەوە و شیفای لە ئیمامی عەلی کردووە ئەویش تۆسقاڵێ خاکی لە ئەرز هەڵگرتووە و پێی وتووە ئا ئەم دەرمانە بکەرە چاوت، کوێرەکە بەقودرەتی خوا بەوە چاک بووەتەوە.

١٥- مـوڕە کـوڕی (قـەیس)ە: ناوی گـاورێکە لە گـاورەکـانی قـەڵای خـەیبـەر، لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (مرە).

١٦- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (و)دا بەم جۆرە هاتووە:
(مونکیران واتن ئامانە و سەدەق)

١٧- مەرحەب مەعدی: ناوی سەردارێکی گاورە لە گاورەکانی قەڵای خەیبەر.

١٨- جەمشید: کوڕی (تەهمووت)ە، چوارەمین پاشای بنەماڵەی پێشدادیە.

١٩- واتە: عەلی مورتەزا کوشندەی کافرەکانە.

٢٠- لەعین: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: مەلعوون.

٢١- لە دەسنووسەکەی (ع)دا ئەم نیو خشتە بەم جۆرە نووسراوە: (کەردش وە دوو نیم بەوێنەی خەیار).

٢٢- ئەم نیو خشـتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا وا نووسراوە: (سوار بی دولدوڵ عەلی شای مەردان).

٢٣- عەنتەر: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا ئەم وشەیە لەپێش (خەنجەر) نووسراوە.

٢٤- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (خ)دا بەم شێوەیە نووسراوە: (چەپێ ڕیش وێش کەندش داش وەباد).

٢٥- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسراوە: (یەقە گردشان بە داد و بێ داد)، لە دەسنووسەکەی (و)دا بەم شێوە نووسراوە: (یەقەشان کەرد چاک بە داد و بێ داد)، چاک: دڕاندن.

٢٦- کـوتەڵ: جـاران لە کـوردەواریدا نەریت وابووە ئەگـەر نەوجـەوانێک یان شۆڕەسوارێک، یان: پیاوێکی ناودار ئەمری خوای بکردایە نەریتی کۆتەڵ کۆیان بەم جۆرە بۆ دەگێڕا: پەیکەرێکیان لە دار دروست دەکرد و جلوبەرگی مردووەکەیان لە بەر دەکرد و بەدەوریدا شین و شەپۆریان بۆ دەگێڕا، یان: مردووەکەیان دەخستە



سەر ئەسپ و بەناو دێدا دەیانگێڕا و بەدوایا دەگریان و شیوەنیان بۆ دەکرد.

٢٧- کەس: لە دەسنووسەکانی (ع، و)دا نووسراوە (شەخس).

٢٨- سەلام: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (کەلام).

٢٩- کەلام: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (سەلام).

٣٠- عەنتەر: لە دەسنووسەکەی (ع)دا ئەم وشەیە لەپێش وشەی (خەنجەر) نووسراوە.

٣١- ئەم نیـو خشـتـە لە دەسنووسـەکـانی (خ) و (ع)دا وا تۆمـار کـراوە: (هەفت ڕۆژ پێدەر بی بە داد و بێ داد).

٣٢- یاران: لە جیاتی ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (یەکسەر).

٣٣- مەکەردشان: لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نووسراوە (مەکەردش).

٣٤- چە: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (کە).

٣٥- ئەم خشـتە لە دەسنووسـەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسـراوە (ساحێب تەدبیران ئەو شەو جەم کەردن، وەلای مەلیک حەرب تەمامی بەردن).

٣٦- دانەی: لەجیاتی ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (دانای).

٣٧- ئەم خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نییە.

٣٨- لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (شەهر).

٣٩- ئالا: بەرز، باشترین.

٤٠- ئەم نیو خشـتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسراوە: (ساتێ نە خزمەت بنیشین وەهەم، بەرشۆ چە لامان کۆی خەرمان غەم).

٤١- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە هاتووە: (یا ڕەب تۆ هیچ کەس خوار و زار نەکەی، وەدەست نامەرد گرفتار نەکەی).

٤٢- وە تەم: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (ماتەم).

٤٣- گوفتار: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (ئەلفاظ).

٤٤- شەند: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (دا).

٤٥- ئێوەش: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (ئێوە).

٤٦- وە ڕاهـ: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (ویجاهـ).

٤٧- تەزرە: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (تەگرەک) کە هەمان مانا دەبەخشێ.

٤٨- وەقار: لەجیاتی ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (وەکار).

٤٩- ئەم نیـو خشـتە لە دەسنووسەکەی (خ)دا بەم جۆرە نووسراوە: (تا دڵەی عەلی پڕ دەرد بکەرۆ)، لە دەسنووسـەکـەی (و)دا وا نووسراوە: (تا دڵەی حەیدەر پڕ جە دەرد کەرۆ).

٥٠- گەوران: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (کوفار).

٥١- ئەم نیو باڵە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا وا نووسراوە: (تەن لوخت و عوریان بە داد و بێ داد).
٥٢- سەڵات: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (سەڵەوات).
٥٣- کافەر: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (یەکسەر).
٥٤- پاک: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (گشت).
٥٥- جەنگ: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (ڕەزم) = جەنگ.
٥٦- ئی: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (ئەو) کە هەمان واتا دەبەخشێ.
٥٧- ئەم نیو باڵە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا بەم جۆرە دارێژراوە کە شیعرەکە لەنگ دەکات: (مەمانۆ تێدا تا ڕۆژ مەردەن).
٥٨- سەڵات: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (سەڵەوات).

**خَبَر شُدَن حضرة فاطمة رَضِي اللّهُ عَنها**

١- واتە: ئاگاداربوونی حەزرەتی فاتیمە خوای لێ ڕازی بێ.
فاتیمە: کچی موحەممەد پێغەمبەرە و ژنی حەزرەتی عەلییە و دایکی حەسەن و حوسێنە.
٢- ئەحمەد: مەبەست لە موحەممەد پێغەمبەرە (د.خ).
٣- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا بەم جۆرە هاتووە: (ئەسرش ئەسەردا جۆشیاش جگەر).
٤- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسراوە: (پەی پەی مەکێشا هەناسان سەرد).
٥- نەبی: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (نەوی).
٦- بەردش: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (شی وەباد).
٧- مەککە: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (مەکتەب).
٨- ئەم خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نییە.

**آمَدَن جناب أمير المؤمنين أز غزا گَوَيدْ**

١- واتە: هاتنی جەنابی ئەمیرولموئمنین (عەلی) لە غەزاوە دەڵێ.
٢- ئەم خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا وا نووسراوە:
(پەیابی چە زین حەیدەر کەڕاڕ، بۆسا دوو دیدەی فاتیمەی نازدار).
٣- عەنان = جڵەو: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (مەیان).
٤- ئەم خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم شێوە نووسراوە: (نەوددم غازیان ڕاهی بێن ڕەوان، تەوەکەل کەردن وەزات سوبحان).



٥- بشنەوین: لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نووسراوە (بکەرین).
٦- لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (تاجیران).
٧- پڕفەن: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (پڕفەند) کە هەمان واتا دەبەخشێ.
٨- کەمەن: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (کەمەند) کە هەمان واتا دەبەخشێ.
٩- واتە: ئیمانم بەخودای تاک و تەنیا.
١٠- جەبار و جەلیل: دوو ناوە لە ناوە جوانەکانی خوای مەزن.
١١- کینایەیە بۆ (سورة الصف الآية ١٣).

**جَنگ كردَنْ شاه مَردان با سُپاي كُفّار**

١- واتە: شەڕکردنی شای مەردان لەگەڵ لەشکری کافران.
٢- پەی = بۆ، ئەم وشەیە لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نووسراوە (وە).
٣- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسراوە: (حەتا مەتاوان بنمانۆن هونەر).
٤- بێ دین: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (مەلعوون).
٥- پانایی: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (پەهنایی) کە هەمان واتا دەبەخشێ.
٦- ئی: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (ئەو).
٧- قار: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (قەهر).
٨- بزانن: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (بزانان).
٩- شەدید: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (ڕەشید).
١٠- نێزە: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (تیر).
١١- کەرد: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (بی).
١٢- ئەم خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا بەم جۆرە نووسراوە: (سالووخ براش رووش کەرد نەمەیدان، پەی قەتل عامر ئەسپش دا جەولان).
١٣- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا بەم جۆرە نووسراوە: (بەر موحەممەد بۆ هەزاران سەڵەوات).
١٤- گوفتار: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (تەور).
١٥- فەوج: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (سەد).
١٦- چاچی: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (چاچی)، لە دەسنووسەکەی (و)دا نووسراوە: (جاچی).
١٧- لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا ئەم نیو خشتە بەم جۆرە دارێژراوە: (عامر ئێد شنەفت وە بێ خەوف و بیم).

١٨- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (خ)دا بەم جۆرە هاتووە: (پێچاوپێچ وەردەن چون مار ئەرقەم).
١٩- کەنعان: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (زیندان).
٢٠- وار: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (خاک).
٢١- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم شێوە هاتووە: (گاهێ چل نەفەر گاهێ هەم پەنجا).
٢٢- ئەرواحشان: لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نووسراوە: (ڕوحشان).
٢٣- جەنگ: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە (ڕەزم) = جەنگ.
٢٤- نیا: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە (نیان).
٢٥- ئەر: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (مۆ).
٢٦- جەی: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (چە).
٢٧- وات: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (واتش).
٢٨- لە دەسنووسەکەی (خ)دا وشەی (بی) لەپێش وشەی دوڵدوڵ نووسراوە.
٢٩- شەیتان: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (خەبیس).
٣٠- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە نووسراوە: (زرەی چوار بی ڕێزە ڕێزە)، لە دەسنووسەکەی (و)یشدا بەم شێوەیە هاتووە:
(زرێ و چوار بی ڕێزە ڕێزە).
٣١- خوون: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (خاک).
٣٢- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (ع)دا بەم جۆرە داڕێژراوە:
(سوپا خاوش کەرد تا وە سوب سەحەر).
٣٣- لە دەسنووسەکەی (ع)دا ئەم خشتە بەم جۆرەی خوارەوە داڕێژراوە:
(یەک خڕخڕ نامێ مەرکەبدا جەولان، ئاما وە مەیدان چون شێر غوڕان).
٣٤- ئەم نیو خشتە و خشت و نیوێکی پاشەوەی لە دەسنووسەکەی (ع)دا نییە.
٣٥- عەدەم: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (قەڵەم).
٣٦- بزانیم: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (بزانین).
٣٧- سەڵات: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (سەڵەوات).
٣٨ بۆ وەجات: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (بیۆجات).
٣٩- واتە: ئیمانم بەخوای تاک و تەنیا.
٤٠- چەهار یار: مەبەست لەو چوار پێغەمبەرەیە کەوا کتێبیان بۆ هاتە خوارەوە لە لایەن خودای مەزنەوە ئەمیش ناوی خۆیان و کتێبە پیرۆزەکانیانە: (١) داود - زەبوور (٢) مووسا - تەورات (٣) عیسا - ئینجیل (٤) موحەممەد - قورئان.



٤١- سەما: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (دما).
٤٢- پەناهەن: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (پەنامەن).
٤٣- سەڵات: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (سەڵەوات).
٤٤- کەرد: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (کەردن).
٤٥- سەرنیگوون: لە دەسنووسەکەی (خ)دا نووسراوە: (نیگوون)، لە دەسخەتەکانی (ع) و (و) وشەی (مۆ) نووسراوە: (مەبۆ)، جا بەو جۆرانە شیعرەکە لەنگ دەبێ.
٤٦- شەشپەڕ: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (دوو سەر).
٤٧- بی: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نییە.
٤٨- ئەم خشتە لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا بەم جۆرەی خوارەوە نووسراوە:
تەپڵ ئاسایش ژەندن نە مەساف
قەدارە و شمشێر کریانە خیلاف
٤٩- شەو: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (ڕۆ).
٥٠- ئەم نیو خشتە لە دەسنووسەکەی (خ)دا بەم جۆرە نووسراوە: (چەند خەروار هێزم چەنێ هیزەی نەفت) نووسەر بەخەتێکی ورد لەسەر نیو خشتەکە دووبارە وای نووسیوە کەوا لەم کتێبەدا تۆمار کراوە.
لە دەسنووسەکەی (ع)دا نیو خشتەکە بەم جۆرە نووسراوە: (چەند خەروار هێزم چەندێ هیزەی نەفت)، لە دەسنووسەکەی (و)دا نووسراوە: (چەند خەروار هێزم چەن هیزەی نەفت).
٥١- نەڕە: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (نەعرە) بەڵام نیو خشتەکە لە دەسنووسەکەی (و)دا بەم جۆرە نووسراوە: (دین نەبەرد شێرێ نەجس ناهەموار).
٥٢- پڕ: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (چە).
٥٣- جە بەدەن: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (نەجەوشەن).
٥٤- لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا ئەم نیو خشتە بەم شێوە نووسراوە: (بێزارم چە دەست ئی دونیای فانی).
٥٥- شای: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (یا).
٥٦- کون فەیەکون: لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نووسراوە: (کون فەکوون).
٥٧- حورمەت: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (حاجەت).
٥٨- مەنجەلەق: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (مەنجەنیق) کە هەمان واتا دەدا، بەڵام سەروای شیعرەکە لەنگ دەکا.

٥٩- مەنجەلەقێ: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: مەنجەنیقێ.
٦٠- قەڵای: لە دەسنووسەکانی (خ) و (و)دا نووسراوە: (قەلعە).
٦١- لە دەسنووسەکەی (ع)دا ئەم نیوە بەیتە بەم جۆرە نووسراوە: (چاچی کەمانان ئاوردن وەکار).
٦٢- جە: ئەم وشەیە لە دەسنووسەکانی (خ) و (ع)دا نەبوو.
٦٣- لە دەسنووسەکەی (ع)دا لەم نیوە خشتەوە دوانزە خشتی پاش و پێش کراوە.
٦٤- سەڵەوات: لە دەسنووسەکانی (ع) و (و)دا نووسراوە: (سەڵات).
٦٥- واتە نووسەر و خوێنەر و گوێگری ئەم کتێبە.
٦٦- نووری: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (نوور).
٦٧- سەڵەوات: لە دەسنووسەکەی (ع)دا نووسراوە: (سەڵات).



## فەرهەنگۆک

### أ

ئاب: ئاو
ئابەنووس: ئەبەنۆش، جۆرە درەختێکە تەختەکەی بەنرخە، لە هندستان زۆرە
ئاتەش: ئاگر
ئاخوون: زانای ئایینی شیعە مەزهەب
ئاراستە: ڕازاوە
ئارۆ: ئەمڕۆ
ئازەر: ناوی مۆغێکی ئاگرپەرستان بووە، ئاتەشکەدەیەک بووە لای شاری تەبرێز
ئاسیاب: ئاش، ئاسیاو
ئاغۆش: باوەش
ئالا: ئەعلا - بەرز، زۆر باش
ئامان: هات
ئوشتەر: کوڕ مەلیک حەربە، سەردارێکی گاورە، لە پاشان دەبێتە موسڵمانێکی باش
ئەبر: هەور
ئەبڵە: شێتووێت، نەزان
ئەبڵەق: (١) سوارێکی گاورە (٢) باز، ڕەش و سپی
ئەبو هرێرە: سەردارێکی بەناوبانگی موسڵمانە، گەلێ لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری کۆکردەوە و لە نەمان ڕزگاریانی کرد
ئەژدیهای ئەژدەر: مارێکی گەورەیە لە ئەفسانەدا
ئەسپاب: جلوبەرگ
ئەستر: هێستر
ئەسکەندەر: کوڕی فیلیپۆس ئیمبراتۆری مەکدوونی بووە، بە(ذوالقرنین)یش بەناوبانگە
ئەشک: فرمێسک
ئەندێش: مەترسی، سڵکردن
ئەنەس: پاڵەوانێکی موسڵمانە
ئەنەگبین: هەنگوین

ئەوج: (١) ئاسۆ (٢) ئاسمان
ئەیوان: هەیوان
ئی: ئەمە
ئێد: ئەمە
ئیبرام: هەر شتێ کۆتایی پێ بێنی
ئیسپەر: سوپەر، قەڵغان
ئیستوار: ئەستوور، بتەو
ئیفتادە: زەبوون، پیری لێکەوتوو
ئینە: ئەمە

## ب

بابۆ: باوک
باد: با
برئاما: دەرچوو
برادەر: برا
برادەرزادە: برازا
بشیم: بڕۆین
بشین: بڕۆین
بکەردش: دەیکرد
بگرەوان: بگرین، گریان
بگنۆ: بکەوێ
بگێرۆن: بیگرە، گرتن
بلوک بلوک: کۆمەڵ کۆمەڵ، بڕ بڕ
بمانۆ: بمێنێ
بواچە: بڵێ
بواچۆن: بڵێین
بوراق: ئەو ئەسپەیەکە موحەممەد پێغەمبەر (د. خ) بەسواری پێی ڕۆیشت بۆ میعراج
بورهەن: ناوی بتێکی عەرەبە



بوریان: برین
بوزرگان: گەورەکان
بۆ: (١) ببێ (٢) وەرە
بۆسە: ماچ
بووم: جێگا، وڵات
بووەز: فرێیدە، بیهاوێژە
بەر: بیبە
بەردن: بردیان
بەرۆ: بیبا
بەرۆم: دەیبەم
بەن: داو
بەور – (پیاوخۆر): ئاژەڵێکی دڕندەی کێوییە، لە پڵنگ دەچێ، زۆر بەهێز و پڕندەیە، حەزی لە گۆشتی ئادەمیزادە، بۆیە ناویان ناوە (پیاوخۆر)
بەوسە: (١) بەم جۆرە، (٢) ماچ (بۆسە)
بەهادەر: قارەمان
بەد گەوهەر: بەد ڕەفتار، خراپ، نائەسڵ
بێدار: ئاگادار
بێ دەر: بێ دەرگا
بیم: (١) ڕوخسار، (٢) ترس

## پ

پادشای مەجید: گەورەی هەمیشەیی، خودا
پادشای وەهاب: گەورەی بەخشندە، خودا
پدەر: باوک
پسەر: کوڕ
پشتە: گرد، تەپە
پیر: ڕەهنومای ئایینی و خاوەن مورید
پەتیارە: بەڵا، ناشیرین، فێڵ

پەدید: دەرکەوتوو

پەرواز: فڕین

پەرێ: بۆ

پەریەم: پەرێم، بۆ من

پەس: پاش، دوا

پەلید: گڵاو

پەلاس: جۆرە بەرگێکی زبرە لە خوری دروست دەکرێ

پەنهان: شاراوە

پەوسە: بەم جۆرە

پەی: بۆ

پەیا پەی: پەیتا پەیتا

پەیغام: پەیام

پەیکەر: (١) نیشانە (٢) لەش

## ت

تاب: تاو

تالووخ: (طالوخ): پاڵەوانێکی گاورە

توران: وڵاتی تورکیا

توون وەتوون: تەفروتونا

تەبەرزین: تەوەرزین، جۆرە تەورێکی مشت و کورتە، جۆرە چەکێکی سادەی سەردەمی کۆنە.

تەپڵباز ئارام: ئەو دەهۆڵەی یان: ئەو تەپڵەی لە کاتی جەنگ وەستانە لێ دەدرێ

تەپڵباز گەشتن: بڕوانە تەپڵباز ئارام

تەجیر: پەردەی گەورە لەناو ماڵا هەڵی دەدەن و ژوورەکە دەکا بەدوو بەش

تەعجیل: پەلەکردن

تەعزیم: کۆس کەوتوو، پرسەدار

تەگرەک: تەرزە

تەلەسم: نوشتە و جادوو



تەڵا: زێڕ

تەڵایە: سەرەتای لەشکر

تەن: لاشە

تەناب: تەناف

تەنخوا: بریتی

توتیا: کل، خۆڵی زۆر ورد

توفڵ: (طفل) مناڵ

تەور: شێوە، جۆر

تیز: تێژ

## ج

جابرلئەنسار: ئەسحابەیەکی موسڵمانە

جارییە: جاران لە بازاڕا ئافرەتیان دەفرۆشت و دەکڕی و پێیان دەگووت (جارییە)، پیاوە گەورەکان دەیانکڕی بۆ خزمەت و ڕابواردن

جاگە: جێگا

جالینووس: زانا و دکتۆرێکی یۆنانی کۆن بووە

جام: ئاوێنە

جان: گیان

جاه: جێگا

جستوجۆ: سۆراغکردن

جە: لە

جەخت: پەلەپەل، بەتاو

جەمشید: کوڕی (تەهمووت)ە، چوارەمین پاشای بنەماڵەی پێشدادیە.

جەی: لێرە

جەمین: ڕوخسار

جەنگی: جەنگاوەر

جەوشەن: زرێ

جەولان: سوورخواردن

جەیحوون: سوور

(چ)

چاچی کەمانان: کەوانی دروستکراو لە شاری (چاچی) کە زووتر ناوی (تاشقەند) یا (کاشفەر) بووە.

چارئین: چوارەمین

چاه: چاڵ، بیر

چاه کەنعان: ئەو بیرەیە کەوا یوسف پێغەمبەریان خستە ناویەوە

چکاچک: دەنگی بەیەکاچوونی تیر و شمشێر

چنگاڵ: قولاو

چە = (جە): لە

چەپێ: دەستەیەک، باقەیەک

چەم: چاو

چێش: چی

چی وەرتەر: لەمەوپێش

## ح

حوسەین: کوڕی ئیمامی عەلییە (٦٢٥-٦٨٠ی ز) لەسەر خیلافەت لەگەڵ یەزیدی کوڕی موعاویە تێک چوون، لە ئەنجامی جەنگێکدا لە کەربەلا ڕوویدا، حوسەین کوژرا و یەزید بەخەلیفە مایەوە، لە کەربەلا نێژراوە.

حەریف: هاوتا

حەسەن: کوڕی ئیمامی عەلییە لە ساڵی ٤١ک لە پاش کوشتنی باوکی بووە خەلیفەی موسڵمانان بۆ ماوەی (٦) مانگ و (٥) ڕۆژ لە پاش ئەو موعاویە بووە خەلیفە، لە ساڵی (٥٠ی. ک) سمنەجەعدەکچی ئەشعەث کە ژنی بووە ژەهری داوەتێ و مردووە، لە مەدینە بەخاک سپێرراوە

حەیدەر: ئیمامی عەلی

## خ

خاب: خەو

خاس: چاک، باش



خاشاک: دڕک و پڵوپووش

خاک ئالوود: خۆڵاوی، تێکەڵ بەخاک

خاکسار: مرۆڤی پەک کەوتوو

خانە: ماڵ، یانە

خاوەر: ڕۆژهەڵات

خراش: بریندار

خرۆس: کەڵەشێر

خرۆش: جۆش

خڕخڕ: سوارێکی گاورە

خواجە: (١) مامۆستا، مەلا، (٢) بۆ خوایش بەکار دێ

خورشید: خۆر

خوک: بەراز

خوون: خوێن

خەدیجە: کچی خووەیلدە، خێزانی موحەممەد پێغەمبەرە (د. خ)

خەر: کەر

خەروار: جۆرە سەنگێکە (٣٠٠) کیلۆ دەبێ

خەزان: پاییز، وەرزی گەڵاڕێزان

خەشم: ڕق و کینە

خەنجەر: سەردارێکی گاورە

خەیلێ: زۆر

خێزا: ڕاپەڕین

## د

داروو: دەرمان

داماد: زاوا

داوەر: خودا

دراز: درێژ

دلێ: دڵ: ناو

دڵپەزیر: دڵگیر
دما: پاش
دوڕ: مرواری
دوزدی: دزی
دوستاغ: گیرۆدە
دوڵدوڵ: ناوی ئەسپەکەی ئیمامی (عەلی)یە
دوود: دووکەڵ
دەجال: کەسێکی ئەفسانەیی درۆزنە، گوایە پێش ڕۆژی حەشر بەسواری کەرێکەوە دەردەکەوێ، گەلێ کەس باوەڕی پێ دەکا و دوای دەکەوێ، لەپاشاندا محەممەدی مەهدی و عیسا پێغەمبەر پەیدا دەبن و دەیکوژن.
دیدە: چاو
دیش: دیویە، بینین
دیگەر: یەکێکی تر
دەرحاڵ: دەستبەجێ
دەهشەت: سەرسوڕمان
دەهەن: دەم
دەهندە: بەخشندە

## ڕ

ڕاویار: ڕێبوار
ڕاه: ڕێگا
ڕس: ڕست، پەتی هۆنراوی باریک، ئەو پەتەی دەکرێتە ملی گوناهباران.
ڕستاخێز: ڕاپەڕین
ڕوها: بەرەڵڵا
ڕۆ: ڕۆژ
ڕۆز: ڕۆژ
ڕۆزو: ڕۆژو
ڕووی مەساف: مەیدانی جەنگ



ڕەخت: جنک، جلوبەرگ، پۆشاگ
ڕەزم: (١) جەنگ، (٢) تەپڵ
ڕەزمگاه: مەیدانی جەنگ
ڕەسەن: پەتی هۆنراوی باریک، ئەو پەتەی دەکرێتە ملی تاوانباران
ڕەسید: گەیشت
ڕەم: ڕاکردن
ڕەها: بەرەڵڵا
ڕەهبان: ڕەبەنی
ڕەهبەر: ڕەهنوما، ڕێگا پیشاندەر
ڕێش: برین
ڕیکاب: ئاوزەنگی

## ز

زاغ: قەلەڕەش
زامەت: بریندار
زانۆ: بزانێ
زایەڵە: دەنگی هاوار و گریان
زرێ: گوللەبەند
زگار: هاوار
زوبەیر بن جەللاح: سەردارێکی موسڵمانە.
زوج البتول: مێردی فاتیمەی زوهرا، دەستنیشانە بۆ ئیمامی عەلی.
زونار: پشتێنی قەشەی گاوران.
زوهرە: ناوی ئەستێرەیەکە لە ئەستێرە گەورەکان.
زەبەرجەد: زەمرووت
زەبوور: ئەو کتێبە ئایینییەی کەوا بۆ داود پێغەمبەر دابەزی.
زەڕ: زێڕ
زەلزەلە: بوومەلەرزە
زەن: ژن

زەندیق: بێ باوەڕ، ئەوانەی باوەڕیان بەبوونی خوا نییە.

زەنگی: زنجی، ڕەش

زەهرە: (١) زراو، (٢) نازناوە بۆ فاتیمەی کچی محەمەد پێغەمبەر (د. خ)، ژنی ئیمامی عەلییە.

زیرۆح: گیاندار، ئەوەی ڕۆحی هەیە.

زیل و بەم: دوو ئامێری مۆسیقایە.

## س

سابتشار: قەڵای سەلاسیل، قەڵایەکی ئەفسانەییە

سارا: دەشت

ساکە: کاتێ

سالووخ: سەردارێکی گاورە

سام سەهان: سەردارێکی گاورە

سان: (١) کورتکەرەوەی (سوڵتان)ە، (٢) چەک و کەرەسەی شەڕ.

سایەبان: چەتر

ستارەلعیوب: ئەوەی ناتەواوی خەڵک دەپۆشێ، دەستنیشانە بۆ خودا.

سککە: (١) ئاسن، (٢) دراو

سوب: سبەینێ

سوبحان: خودا

سوپەر: گوللەبەند، قەڵغان

سوخەن: قسە، ئاخافتن

سوزنا: سووتاندن

سۆقات: دیاری

سە: سێ، ژمارەی (٣)

سەبا: بەیانی

سەبز: ڕەنگی سەوز

سەرنیگوون: سەرەوخوار، نەمان

سەرهەنگ: (١) سەرتیپ، (٢) سەردارێکی گاورە



سەرسەر: (١) بای توند و سارد، (٢) پلەیەکە لە پلەکانی دۆزەخ، زۆر ساردە

سەفدەر: ئازا و چاو نەترس

سەقەر: جێگایەکە لە دۆزەخ

سەلمان: سەردارێکی موسڵمانە، بەسەلمانی فارسی ناسراوە، مرۆڤێکی ژیر و دانا بووە.

سەمت: لایەن

سەمرەق: سەردارێکی گاورە.

سەمسام: شمشێر

سەننان: جۆرە چەکێکی جارانە.

سەنجەق: وڵات

سەنگ: بەرد

سەواد: ڕەش

سەهمەگین: ترسناک

سەیلاب: لافاو

سیاه: ڕەش

سیتان: سەندن

سیغەم: سەردارێکی گاورە.

سیم: زیو

سیمورغ: باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

## ش

شاتر: سەردارێکی گاورە

شام: ئێوارە

شوستن: شوشتن

شومار: ژماردن

شەحنە: حیلکاندنی ئەسپ و ماین.

شەشپەڕ: شەش لق، جۆرە تیرێکی جارانە.

شەقی: بەردەڵبەرد، هیلاک بوون

شەهباز: شاباز، هەڵۆ

شەهر: شار

شەهریار: میر

شی: ڕۆیشت

شیرخوار: شیرخۆر

شین: ڕۆیشتن

## ع

عالی جەناب: پایە بەرز

عامر: ناودارێکی موسڵمانە

عایشە: خێزانی موحەممەد پێغەمبەرە (د. خ) کچی ئەبوبەکری سەدیقە.

عوروج: ڕۆیشتن

عوزا: ناوی بتێکی گاورە.

عەبدولڕەحمان: سەردارێکی موسڵمان بووە.

عەبدوڵلا: سوارێکی موسڵمانە

عەرسەی خەتەر: مەیدانی شەڕوشۆڕی ترسناک

عەنتەر: ناودارێکی گاورە

## غ

غایەڵە: دوودڵی

غریو: هاوار

غوتە: چوون بەنوقمدا

غوڕا: لێخوڕین

غوسە: خەم

غولام: خزمەتکار

غوول: دێو، دێو و درنج

## ف

فاتیمە: کچی پێغەمبەرە و خێزانی ئیمامی عەلییە، بەناوبانگە بەفاتیمەی زوهرا، لە ساڵی (١١ک) ئەمری خوای کردووە و لە مەدینە نێژراوە.



فرزەند: کوڕ، ڕۆڵە

فروخت: ئاڵوگۆڕکردن، سەرف کردن

فورقان: قورئانی پیرۆز

فوزوول: ئەو کەسەی بەکاری بێ کەڵک هەڵدەستێ.

فەزل: (فازل کوڕی عەباس) – سەردارێکی موسڵمانە.

فەزوون: زیاتر

فیتراک: پاشکۆ، سەرزەن

## ق

قاب قەوسەین: نزیکە لە خواوە ئەوەندەی دوو کەوان، دەستنیشانە بۆ موحەممەد پێغەمبەر (د. خ).

قاقول – قاقیل: پاڵەوانێکی گاور بووە.

قاو کەردن: هێرشیان کرد.

قوللەی قاف: کێوێکی ئەفسانەییە، لە کتێبە ئایینییەکاندا بەزۆری ناوی هاتووە.

قەبڵیدان: پەلاماردان

قەتران: ڕەش

قەدارە: شمشێر

قەراواش: خزمەتکار

قەرەقووش: سەردارێکی گاور بووە.

قەقنەس: پەلەوەرێکی ئەفسانەییە، زۆر حەزی لە فڕینە، تا پەلەکانی نەوەرێ نانشێتەوە، پەل و پێستەکەی ڕەشە.

قەلعەی سەلاسیل: ناوی قەڵایەکە لە چەشنی قەڵای خەیبەر.

قەڵماس: قەڵماسنگ، قۆچەقانی، بەردەقانی.

قەمقام: جۆرە چەکێکی جارانە.

قەناوێز: قەنەوز، جۆرە قوماشێکی گرانبەهای دێرزەمانە.

قەوشەن: لەشکر

## ک

کارزار: جەنگ

کردگار: خوا

کلید: کلیت

کنجشک: چۆلەکە

کنیا: هەڵکەنرا، کەنرا

کوللی: هەموو

کوناکوون: جۆراوجۆر

کۆبان: کوتان، لێدان

کۆهـ ئەلبورز: کێوێکە ها لە هەرێمی مازندەران لە ئێران.

کۆهەن: کۆنە

کۆی بێستوون: ئەو کێوەیە کە فەرهاد کۆشکی تێدا دروستکرد لە عەشقی شیرین.

کووس: جۆرە ئامێرێکە لە شێوەی تەپڵ.

کەبرکە: جۆرە ئامێرێکی مۆسیقاژەنی جەنگییە.

کەبۆتەر: کۆتر

کەبوود: ڕەنگی شین.

کەرد: کردی

کەراڕ: نازناوی ئیمامی عەلی (خ. ل).

کەمەر: پشدێن

کەمەند: داو، تەڵە

کەیوان: ئاسمان

کیاست: ناردن

کیشک: ئێشک، ئەو پاسەوانەی کەوا بەئاگاداربییەوە شەوان نانوێ.

## گ

گاو: گا

گاو کۆساڵ: ناوی بتێکی گاورە

گاو کۆهسار: (١) بەراز، (٢) گای کێوی

گاه: جارێ

گاه گاه: جار بەجارێ



گرەوا: گریان

گورز گاوسەر: گورزی گەورە وەک سەری گا.

گورێز: هەڵاتن، ڕاکردن

گوزیدە: هەڵبژاردە

گوسفەند: مەڕ

گوشاد: ڕووناکی، کراوە

گۆش: گوێ

گۆشوارە: گوارە

گوڵبانگ: بانگدان، بانگی دەنگ خۆش و ناسک.

گوڵنار: سوور وەک گوڵی هەنار.

گوناگوون: (١) جۆراوجۆر، (٢) ڕەنگاوڕەنگ

گەبر: گاور، مەجووسی

گەزاف: درۆ

گەزەند: گەزین

گەنج: دارایی

گەور: گاور

گەهوارە: بێشکە

گێجیا: گێژخواردن.

گیس: پرچ

## ل

لات: ناوی بتێکی گاورە.

لار: لەش

لاف: فیشاڵ

لالەگوون: سوور وێنەی ئاڵی ڕووی گۆنا.

لاڵ: بەردێکی بەنرخە ڕەنگی شەرابیی هەیە لە شاری بەدەخشان لە تورکستانی ڕووسیادا.

لوا: ڕۆیشت

لوئلوی قوماش: مرواری

لوخت: ڕووت

لەببەیکە: پەنابردن

لەعل دێز: بڕوانە لاڵ

لەکەد: لەقە، شەق لێدان

لیوا: ئالا، بەیداخ

## م

ماجەرا: ڕووداو

ماچان: دەڵێن

مادەر: دایک

مادیان: ماین

ماری ئەرقەم: ماری پڵپڵەدار، ماری ڕەش و سپی.

ماڵا: ماڵتن

ماه: مانگ

موڕەی بن قەیس: ناوی گاورێکە لە گاورەکانی قەڵای خەیبەر.

موبارز: جەنگاوەر

مودار: ڕاوەستان

مورغ: پەلەوەر

موور: مێروولە

موونس: هاوڕێی گیان بەگیانی.

موهەیا: ئامادە

مەئجووج: لە ئەفسانەی ئاییینیدا گەلێ جار ناوی هاتووە، گوایە لەگەڵ یەئجووج لە کێوی قاف بەند کراون.

مەدەد: یارمەتی

مەرحەب: ناوی سەردارێکی گاورە لە گاورەکانی قەڵای خەیبەر.

مەردان – کۆی (مەرد): پیاو، مێرد

مەرز: شوێن



مەشی: (١) دەڕۆم، (٢) دەڕۆیشت

مەعاذ بن جەبەل: سەردارێکی موسڵمانە.

مەکەردش: دەیکرد

مەکەری: (١) دەکەم، (٢) دەکەی

مەگێری: (١) دەیگرم، (٢) دەیگری

مەگێلا: دەگەڕا

مەگێلۆم: دەگەڕێم

مەلیک حەرب: میرێکی گاورە.

مەن: جۆرە کێشێکە بۆ کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵە بەکار دێ.

مەنات: ناوی بتێکی عەرەبە.

مەنجەلەق: (مەنجەنیق): جۆرە چەکێکی جارانە بۆ هاوێشتنی بەرد یا گلۆڵەی ئاگر بەکارهێنراوە.

مەحفوز = (مەحفوظ): بەهرەمەند، خۆشبەخت

مەنسوور: حوسەین کوڕی مەنسوور بەناوبانگە بەهەللاج، لە سێدارە درا لەسەر ئەوەی ئەیوت (أنا الحق)، لە (٢٤٤ - ٣٠٩) کۆچیی ژیاوە، ناودارێکی بەناوبانگی سۆفیگەرییە.

مەوات: دەیگووت

مەواچی: دەڵێی

مەوی: (١) دەبی، (٢) دەبم

مەهدی: کوڕی حەسەن عەسکەرییە، بەناوبانگە بەمەهدی ئاخرزەمان.

مەهمان: مێوان

مەهمیز: تەکان دان

مەیان: دێن

میرغوزار: سەوزایی و گوڵزاری چڕ، بناغەکەی یا (مێرگزار) یا (مورغ زار)ە.

## ن

ناخەڵەف: نادروست

نار سەجین: ئاگری دۆزەخ.

ناشونەخت: نەناسراو

ناقە: وشتری مێینە.

ناگاه: لە ناکاو

نام: ناو

نگین: (١) ئەنگوستیلە، (٢) بەخت

نماز: نوێژ

نمەبی: نەدەبوو

نمەز: نازانم

نمەشی وەبەر: دەرناچی

نەڕ: نێر

نەعرە: خوڕین

نەکەردەن: نەیکردووە

نەکۆ: نەکات

نەم: تەڕایی، شیداد

نەهیب: ترس

نەیاونا: نەیگەیاند

نیجا: لەم جێگایە.

نێزە: ڕم

نیگوون: نەمان

## و

وات: وتی

واتش: وتی

واردشان: خواردیان

وەدەو: بەتاو

وەسەن: بەسە

وەسی (وصی): دەستنیشانە بۆ ئیمامی عەلی چونکە لە شوێن و جێگاکەی پێغەمبەر (د. خ) نووست.



وەلوەلە: هەراوهوریا

وەلی: دەستنیشانە بۆ ئیمامی عەلی.

وەنەت: بەتۆ

وەهەم: پێکەوە

وێردە: تێپەڕبوون، ڕابردوو

وێشان: خۆیان

## هـ

هاشتن: هێشتیان

هاموون: دەشت و دەر، بیابان

هاوهۆ: تێخوڕینی سوار

هوبەل: ناوی بتێکی عەرەبە.

هوود: یەهوود، جوو

هورداشت: هەڵیان گرت

هوردان: هەڵیان دا

هورکەند: هەڵی کەند

هورگرت: هەڵی گرت

هورمز: سوارێکی گاورە.

هورێزا: هەستا

هووەیدا: ئاشکرا

هەردۆ: هەردوو

هەلات: ناوی بتێکی عەرەبە.

هەمتا: هاوتا

هەیجا: شەڕ

هێزم: سووتەمەنی

هیزە: ژنان لە پێستەی ئاژەڵ بۆ پاراستنی ڕۆن دروستی دەکەن.

## ی

یار: دۆست، خۆشەویست، دڵدار

یانە: ماڵ

یوسف: یوسف پێغەمبەر، ناوی لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و سوورەتێکیشی بەناو ئەمەوەیە (سورة یوسف).

یۆشان - (وێشان): خۆیان

یە: ئەمە

یەئجووج: بڕوانە مەئجووج.

یەختەسار: وێرانە

یەعووق: ناوی بتێکی عەرەبە.

یەغووث: ناوی بتێکی عەرەبە.

یەکتەن: تاکە کەس، مەبەست لە خوایە.

یەگانە: تاقانە، بۆ خوایش بەکار دێ.

یەل: ئازا و چاو نەترس، قارەمان (مێرد - کەڵەمێرد).

یەلغار: ڕاکردن